# گرنگی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی

**شالاو عبدالله ابراهیم**

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئامانج لەم توێژینەوە دیاریکردنی گرنگی ژینگەی پۆلی پەروەردەییە لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچە لە ناوەندی شاری سلێمانی و بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و جۆری باخچە و بڕوانامە، توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە بە پێی سروشتی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، ئامرازی توێژینەوەکەش پێوەرێک بوو بە مەبەستی دیاریکردنی گرنگی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کە بریتی بوو لە (٢٥) بڕگە و پاش دڵنیا بوون لە جێگیری پێوەرکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەش کرا. کە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٢٢٠) مامۆستای نێر و مێ ، کە دەکاتە(٢٢) مامۆستای نێر و (١٩٨)مامۆستای مێ، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و داتا و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی(spss) ی بەکارهێناوە بۆ داتاکان، هەروەها ناوەندە شیاو و کێشی سەدی دەرهێناوە بۆ دیاریکردنی بەهێزی و لاوازی پێوەرەکە.

لەکۆتاییدا توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

1. ئاستی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزم دایە.
2. جیاوازی ئاماری نییە لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).
3. جیاوازی ئاماری هەیە لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی –ناحکومی) کەلەبەرژەوەندی باخچەی ناحکومی دایە.
4. جیاوازی ئاماری هەیە لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە(دبلۆم – بەکالۆریۆس - ماستەر).

**کلیلە ووشەکان:** پۆلی پەروەردەیی، گەشەکردن ، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، باخچەی منداڵان.

## بەشی یەکەم
## ناساندنی توێژینەوە

### ١-١:پێشەکی:

لە دنیای ئەمڕۆدا، داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بووەتە یەکێک لە گرنگترین تواناکان بۆ سەرکەوتن لە ژیان و کار. بۆیە پەروەردەکردنی ئەم تواناییانە لە تەمەنێکی زووەوە بووەتە ئامانجێکی سەرەکی بۆ سیستەمە پەروەردەییەکان لە سەرتاسەری جیهان. باخچەی منداڵان، وەک یەکەم قۆناغی فەرمی پەروەردە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لەم پرۆسەیەدا.

ژینگەی پۆل، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە رووی فیزیکی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە - کاریگەرییەکی قووڵی هەیە لەسەر شێوازی فێربوون و گەشەکردنی منداڵان. ژینگەیەکی دەوڵەمەند و هاندەر دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی سەرنج، خۆشی لە فێربوون، و پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان لای منداڵان.

لە شاری سلێمانی، کە بە مێژوویەکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە ناسراوە، هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ پێشخستنی سیستەمی پەروەردە. لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ژینگەی پۆل لەسەر گەشەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەم شارە، نەک تەنها ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئێستایە، بەڵکو دەرفەتێکیشە بۆ دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە پێویستیان بە گەشەپێدان و چاکسازی هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر گرنگی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی و کاریگەری ئەو لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچەی منداڵان لە سلێمانی. ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ داڕشتنی ستراتیژ و ڕێکارە پەروەردەییەکان لە داهاتوودا، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و ئامادەکردنی نەوەیەکی داهێنەر و خاوەن بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە.

### ١-٢ کێشەی توێژینەوە:

مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و دەبێت منداڵەکان (لەسەر بیرکردنەوەی ئازاد و پرسیارکردن و تاوتوێکردنی دیاردەکان ) هانبدات. ئەم ژوورە زۆر گونجاوە ، کە منداڵ

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 1(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n1y2025.pp38-48
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 3 أيلول 2024؛ قُبل في 15 تشرين الأول 2024؛ نُشرت في 20 كانون الثاني 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: shalaw.ibrahim@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 شالاو عبدالله ابراهيم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

فێری ( ناوی دیاردەکانی ژیان ، مرۆڤ ،ئاژەڵ ، ڕووەك، دیاردە سرووشتیەکان، سوود و قازانجی ڕووەك و ئاژەڵ بۆ مرۆڤ) بکرێن . بۆ نموونە مامۆستا دەتوانێت ڕێگا بۆ منداڵەکان خۆش بکات بۆ ئەوەی هەریەکەیان جۆرە دانەوێڵەیەك (گەنم،نۆك،نیسك،جۆ،فاصۆلیا،برنج،...تاد) لەناو شووشە یان قووتویەکدا بچێنێت و بەردەوام خزمەتیان بکەن و جارجارێك ببردرێنە بەر تیشکی خۆر و دووبارە بهێندرێنەوە بۆ ناو پۆل . ئەم چالاکییە منداڵ فێری (گرنگی ئاو، خۆڵ،ڕووناکی بۆ ڕووەك) دەکات ، هەروەها فێری چۆنیەتی گەشەکردن و گەورەبوونی ڕووەك دەبێت.

گەشەکردنی عەقڵی منداڵ پشت بە چالاکی و کارلێککردنی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵ و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی دەبەستێت و دەبێت منداڵ ڕۆڵی سەرەکی لە کارکردن و چالاکی و یاریکردندا هەبێت و مامۆستاش ڕێنمایی و ئامۆژگاری بکات و کەرەستە و بارودۆخی گونجاوی بۆ بخولقێنی و نابێت مامۆستا منداڵەکان بەیەکتری بەراورد بکات و نازناو لە منداڵان بنێت بە تایبەتیش خراپەکانی وەك(تەمبەڵ،نەزان و دواکەوتوو.....تاد). چەمکی ژینگەی پۆل پیویستە گرنگی زۆری پێبدرێت ،چونکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە گەشەپێدان بە بیرکردنەوە بەڕێگایەکی سەخت کە لەگەڵ شۆڕشی زانیاریدا بگونجێت و هەلێك بخاتە بەردەم منداڵان بۆ ئەوەی ببێتە ڕەگەزێکی کاریگەر تیایدا.

بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە یەکێک لە گرنگترین ئامانجە پەروەردەییەکان دادەنرێت، کە کۆمەڵگاکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن لە هەمان کاتدا هەموو ئامراز و ئامادەکاری و تواناکانی پێویست بۆ گەشەسەندنی دابین دەکەن. بۆ ئەوەی تیشک بخەنە سەر داهێنەری ئەم منداڵانە باشترین ڕێگە کامەیە، کە تا لە ڕێگەیەوە منداڵ فێری بیکردنەوە بکەین؟ ئەو ڕێگەی بەکاری دەهێنین دەبێت ئاراستەکەر بێت و چۆنیەتی بیرکردنەوەی منداڵ دیاری بکات. نابێت ڕێگاکانیش خۆیان ببینەوە لە کۆمەڵێک وانەی تیۆری وشک لەبارەی یاساو ڕیساکانی بیرکردنەوە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی پرۆسەیەکی پڕ چالاکی چێژ بەخش بخرێتە ناو کۆمەڵێک بابەتی تایبەتی هەڵبژێردراو و مامۆستاش پێویستە لە پۆل و باخچەدا بە شێوازێکی دروست و نمونەییانە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە چەندان بابەت و چالاکی جیاواز بە منداڵ دوبارە بکاتەوەو، هەروەها ژینگەی پەروەردەی گونجاو لە باخچەکاندا بڕەخسێنرێت تا منداڵ بە ئازادانە بتوانێت بەشدار بێت و ڕۆڵی سەرەکی پێ ببەخشرێت لە کارکردن و چالاکییەکاندا، کە هاوکارن بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارەدا بەرجەستە دەبێت :
ئایا ژینگەی پەروەردەی پۆل کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی فیرکردنی بیرکردنەوەی داهینەرانە لای منداڵی باخچە ؟

**١-٣ گرنگی توێژینەوە:**

فێرکردنی بیرکردنەوە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، بیرکردنەوە ڕادەی سەرکەوتن لە پرۆسەکەدا زیاتر دەکات هەروەک (فرناندۆپسوا) دەربارەی بیرکردنەوە دەڵێت :''ئەگەر هەر کەس بیربکاتەوە بۆ سەرکەوتن چی پێویستە ئەوە بە دڵنیایەوە سەردەکەوێت ''. کە ئەمەش گرنگی بیرکردنەوە لە سەرخستنی پرۆسەکە بەدیار دەخات کە فێرکردنی بیرکردنەوە بابەتێکی گرنگ و هەنوکەیە ناکرێت فەرامۆش بکرێت بە واتایەکی تر ئەوانەی بیرناکەنەوە بونیان نیە چونکە هەموو شتێک بەرهەمی بیرکردنەوەیە .

ژیری بەهادارترین شتە کە مرۆڤ خاوەنێتی عەقڵیش بەبێ بیرکردنەوە وەک جەستەیەکی بێ ڕووح وایە بیرکردنەوە پرۆسەیەکی عەقڵییە لە شتە زانراوەکان بۆ گەیشتن بە زانینی شتە نادیار و نەزانراوەکان ، هەروەها چالاکییەکانی وەک چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان بڕیاردان لەسەر شتەکان وێناکردنی تاک بۆ داهاتووی لەخۆدەگرێت هەریەک لەو چالاکیانە بەشدارییەکی گرنگ دەکات لە پاراستن و مانەوە و پێشکەوتن و نەشونماکردنی مرۆڤ لە ژیاندا کەواتە بیرکردنەوە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیانی تاك بناغەی تاکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ، ئەمەش لە ڕێگەی بە گەرخستنی ئەو توانا و لێهاتووییانەی کە هەیەتی بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو مەترسی و ئاستەنگەنە، کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەدەستهێنانی ئەو حەز و هیواو ئاواتانەی کە لە ژیاندا هەیەتی.

هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ،مۆرك و سیما و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و لە قۆناغەکانی تری جیادەکاتەوە قۆناغی باخچەی منداڵانیش یەکێکە لەو قۆناغە گرنگانەی کە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و کۆمەڵێك گۆڕانکاری (جەستەیی ،کۆمەڵایەتی،عەقڵی ،هەڵچوونی ....تاد ) لە خۆدەگرێت . لەبەر ئەوە زۆر پێویستە، کە مامۆستا و دادەکانی باخچەی منداڵان و شارەزایی و زانیاری پێویستیان دەربارەی ئەو قۆناغە و پێداویستی و گرفتەکانی هەبێت بۆ ئەوەی لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن و ئامانجەکانی باخچەی منداڵانیش بهێننە دی.

سروشتی گەشەی منداڵ و گەشەی پرۆسە و تێگەشتنە دەروونییەکانی و نوێنەرایەتیکردنی ئەزموون و مەعریفە بە ئاماژەدان بە کۆمەڵێک بابەت، کە زانینی شێوازی پەروەردە و چەمکەکەی لەخۆگرتبوو بەتایبەتی لەدوای ئەرکی ئامادەکارییەوە دەستنیشان دەکرێت ژینگە بۆئەوەی یارمەتی منداڵ بدات لەگەشەکردنی مەعریفی پێویستی بەزانیاری و شارەزایی و گرنگیدان هەیە لەلایەن پەروەردەکاران و مامۆستایانەوە . مامۆستای پێشکەوتوو ڕۆڵی ڕێکخەر و ئامادەکار و ئاسانکاری بۆ ئەمە دەگێڕێت (قطامي، ٢٠٠٧، ١٥).

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ

1-هەبوونی زانیاری پێویست سەبارەت بە ژینگەی پۆل و کاریگەری لەسەر گەشەی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی منداڵان.

2-گرنگە بۆ زانکۆی سلێمانی بەشی باخچەی منداڵان، کە دەرچوانی ئەم بەشە بەرچاوو ڕوونیان هەبێت. دەربارەی گەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی منداڵان .

3-سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی.

4-هەندیک چەمکی بەسوودی تیدایە کەدەشیت سوودی لێ وەربگرن لە توێژینەوەوی هاوشێوە .

**١-٤:ئامانجی توێژینەوەکە-:**

1-زانینی ئاستی ژینگەی پۆل لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی منداڵان لە باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

2-زانینی ئاستی ژینگەی پۆل لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی منداڵان لە باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)و جۆری باخچە(حکومی و ناحکومی) وبروانامە(دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر).

**١-٥ سنوری توێژینەوە:**

١-٥-١ سنوری بابەتی: گرنگی ژینگەی پۆل لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی منداڵانی باخچەی منداڵان.

١-٥-٢ سنوری مرۆیی: مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانی.

١-٥-٣ سنوری کاتی: ئەم توێژینەوەیە جێبەجێ کراوە لە ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) زاینی.

١-٥-٤ سنوری شوێنی: باخچەی منداڵانی سنوری ناوەندی شاری سلێمانی

**١-٦پێناسەی چەمکەکان:**

**١-ژینگەی پۆل**

پێناسەی (شەمەیی ،٢٠٠٩):باروودۆخی ژینگەی، کەتوانای ئاسودەکردنی خوێندکاری نیە بەیەکێك لەو لەمپەرانەی دەژمێردرێت، کە پێویستە دەستی بەسەردا بگرین لەناو پۆلدا، وەك بەرزی پلەی گەرمی شوێنی دانیشتنی نەگونجاو، کە منداڵ ناتوانێت لەسەریان ئاسودە بێت تەنانەت شێوازی جۆری پۆلەکەو شێوازی دروستکردنەکەی، هەموو ئەمانە کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵنان و پاڵنانی منداڵ و ئاگاهی منداڵ (شەمەیی ،٢٠٠٩، ٢٠).

ڕاپی توێژەر:- ژینگەی پەروەردەی پۆل کەشی ناو پۆل بە هەموو پێکهاتەکانیەوە وەك پێداویستی فێرکردن ،ئامرازی فێرکردن ، شێوازەکان ، ئەرکەکانی فێرکردن ، ژینگەی پۆلی باخچەکە دەگرێتەوە سەرجەم ئەو بابەت و لایەنەی کە کاریگەریان هەیەلەسەر دروستکردنی کەشێکی گونجاوی فێرکردن، ئەگەر هەمەجۆر بێت بەسەرچاوەکانی فێرکردن ئەوا دەرفەتی تواناکانی منداڵ زیاتر دەبێت ،ئەو ژینگەیە دەبێتە بونیاد و بناغە بۆ گەشە پێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە .

**٢-بیرکردنەوە**

پێناسەی (راجح ،١٩٨٥): بە مانا گشتییەکەی بریتییە لە ( هەموو چالاکییەکی عەقڵی کە کەرەستە و کەل و پەلەکانی هێما بێت ) واتە لە جیاتی ئەوەی عەقڵ مامەڵە لەگەڵ شتە هەست پێکراوەکانی وەک (کورسی ، دەرگا، مرۆڤ، ئاژەڵ ) بکات ئەوا لە جیاتی ئەوە مامەڵە لەگەڵ هێما (رموز)ی ئەو شتە هەست پێکراوانە دەکات کە بریتین لە ( ناوو هێما و ژمارە و مانای ) (راجح ،١٩٨٥، ٣٣٠).

پێناسەی (قەرەچەتانی، ٢٠٠٦): بیرکردنەوە بریتییە لە دەست کاری و تاووتوێ کردنی عەقڵییانەی ورووژێنەرو شتە هەست پێکراوەکان ، بەمەبەستی دروست کردن و پێک هێنانی بیرەکان (الأفکار) و درك پێکردنی شتەکان و بڕیاردان لەسەریان (قەرەچەتانی ،٢٠٠٦، ٢٣٧) .

پێناسەی (سعید،٢٠٠٨ ): بیرکردنەوە زنجیرەیەک چالاکی عەقڵییە کە مێشک ئەنجامی دەدات ، کاتێك کە ڕووبەڕووی وورووژێنەرێك دەبێتەوە لە ڕێگەی یەکێك لە هەستەوەرەکانەوە (سعید، ٢٠٠٨، ١٩٧).

پێناسەی ڕێکاری: بیر چالاکیەکی عەقڵییە هەوڵی مێشکە بۆ گەیشتن و تێگەیشتن بۆ بابەتەکان و چارەسەری کیشەکان ، مرۆڤ بە گشتی بیردەکاتەوە، بەڵام هەریەکەیان شێوای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ بیرکردنەوە.

**بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

پێناسەی ( الجراح ،٢٠٠٤): پرۆسەیەکی هزرییە تێدا بیرۆکەکان لەدایک دەبن و هەمووار دەکرێن لەسەر بنەمای ئەزموونی مەعریفی پێشووی تاک بۆ خستنەڕووی ڕێگە چارەی نوێ و تازە بۆ کێشەکان (الجراح ،٢٠٠٤، ٣١٨).

پێناسەی (کەڵهور، ٢٠١٠): ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەبێتە هۆی داهێنان و دۆزینەوەی شتێک کەپێشتر نەبوویێت یان پێشتر هەبووە بەڵام لەئەنجامی دەستکاری و هەندێک گۆڕانکاری شتێکی پێشکەوتووی لێ دروستکراوە(کەڵهور، ٢٠١٠، ٦٧).

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی بەرهەمدار، یان بریتییە لەنەرمی بیرکردنەوەو گۆڕانکاریکردنی پێویست لە ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەکان و خوو نەگرتن لەسەر یەک جۆر ڕاو و لێکدانەوە، سەرەڕای هێنانە کایەی بیروبۆچوون و بەرهەمی نوێ و هەستیاری بۆ دیاردەو کێشەو گیروگرفتەکان بە شێوازێکی وردو گونجاو.

**٣ -باخچەی منداڵان :**

پێناسەی (ابوفرحە،٢٠٠٠): چەند دامەزراوەیەکی پەروەردەیین چەند سیفەتێکی تایبەتی هەیە پێشوازی لە منداڵان دەکات لە تەمەنی (٤-٥) ساڵ. و ئامانجیان بەدەست هێنانی گەشەی تەواوەتییە بۆ منداڵ لەو قۆناغەدا ئەویش بەبوونی جێبەجێ کردنی چالاکی و وەرگرتنی کارامەیی، کە لە توانایدا بێت و ڕوبەڕوبونەوەی باروودۆخەکانی ژیان و هاریکاری هاوڕێکانی (ابوفرحە،٢٠٠٠، ١٨).

پێناسەی (عبدالکافی، ٢٠٠٥ ):دەزگایەکی پەروەردەی تایبەتە بە منداڵانی قۆناغی تەمەنی پاش دایەنگە و پێش چونە خوێندنگەی سەرەتایی ، ئەم دەزگایە ملکەچە بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و هونەری لە دەسەڵاتی پەروەردەیی فەرمیدایە ، لەم شوێنەدا منداڵ ڕادەهێنرێت بۆ چونە دەرەوە لەسنووری خێزان بۆ کۆمەڵگەی خوێندنگە و هاوپۆل و هاوڕێ(عبدالکافی ،٢٠٠٥، ١٤٦)

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەو دام و دەزگا پەروەردەییە فەرمییە کە حکومی و ناحکومی دەگرێتەوە کە چاودێری و پەروەردەی منداڵ دەکات لە تەمەنی( ٤-٥)، کە ئامانج لێی بەدەست هێنانی گەشەی تەواو و هاوسەنگە لە گشت بوارەکانی تەندروستی و ژیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەروەها پاڵپشتکردن و گەشەکردنی تواناکانیەتی لە ڕێگەی یاری و چالاکی سەربەست.

## بەشی دووەم
## چوارەچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پیشوو

**٢-١:بیرکردنەوە**

بیرکردنەوە پرۆسەیەکی دەروونی بنەڕەتییە کە مرۆڤ جیادەکاتەوە، بەو پێیەی ڕوونە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە فراوانکردنی ئاسۆکانی دەروون و پاڵنەرکردنی دەروون بۆ گەڕان بەدوای بیرۆکەی نوێ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە توانایەکی دەروونییە کە ڕێگە بە ئازادکردنی توانای دەروونی دەدات بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ و نائاسایی، لەکاتێکدا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پرۆسەیەکی شیکارییە کە یارمەتی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیاری دەدات بۆ گەیشتن بە چارەسەری داهێنەرانە بە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە. تاک دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و باشی لە لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا، بەو پێیەی ئەم دوو لێهاتووییە بە ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان و گەشەپێدانی خۆیدا.

تایبەتمەندیەکانی گەشەی بیرکردنەوەی منداڵ:

گەشەکردنی مەعریفی منداڵان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە لە قۆناغی جیاوازدا ڕوودەدات، وەک دەروونناسێکی سویسری (جان بیاجێ) پێشنیاری کردووە. ئەم قۆناغانە بە جیاوازی چۆنایەتی و چەندایەتی لە شێوازی بیرکردنەوەی منداڵاندا تایبەتمەندن، نەک تەنها بابەتی بیرکردنەوەیەکی خێراتر یان هێواشتر. تیۆری پیاجێ جەخت لەسەر ڕۆڵی چالاکانەی منداڵان دەکاتەوە لە بنیاتنانی تێگەیشتنی خۆیان لە جیهان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ئەزموونکردنەوە، نەک تەنها وەرگرتنی زانیاری بە شێوەیەکی پاسیڤ. لە

تاقیکردنەوەکەیدا ، کە بیاجێ لەسەر چەند منداڵێکی خوار تەمەن حەوت ساڵی ئەوروپی ئەنجامیدا ، بۆ توێژینەوە لە بیرکردنەوەیک لە بەرامبەر گرفتێک کە پێویستی بە درککاریەک هەبوو بۆ جێگربوون و پایەدار بوونی ڕێژەیەک لە شلەمەنی تێدەکرێت ، بیاجە بینی منداڵەکان دەڵێن : ڕێژەی شلەمەنییەکە بە گۆڕانی قەبارەی شلەمەنییەکە دەگۆڕێت و ئەم تاقیکردنەوە لەسەر منداڵانی ئوردونیش ئەنجامدار هەمان دەرئەنجام هاتە دەست .(سەعید ، ٢٠١٣، ل١٥٣)

## ٢-٢:پێشکەوتن (گەشەی ) مەعریفی لای بیاجێ -:

بیاجی پێی وایە گەشەی مەعریفی تاکەکەس بە گوێرەی چوار قۆناغی زنجیرەیی و پێکەوە بەستراو دەرواتە ڕێوە بە شێوەیەک هەر قۆناغێک بە کۆمەڵێک خەسڵەتی مەعریفی تایبەت جیادەکرێتەوە ، و جۆری ئەو ئەزموونەدەگرێتەوە، کە دەکرێت تاکە کەس لەو قۆناغەدا بەدەستیهێنابێت ئەوە سەرەڕای ئەو پرۆسە مەعریفیانەی، کە بۆ مامەلەکردن لەگەڵ ژینگەدا بەکاری دەهێنن، هەروەها پێی وایە ئەو قۆناغە وابەستەی چەند تەمەنێکی دیاریکراوە، بەڵام تەمەن ستوری جیا کردنەوەی ئەو قۆناغانە نییە، بەڵکو تەنها فاکتەری لێک نزیک کردنەوەیە و پێی وایە ئەو قۆناغە بۆ هەموو مرۆفایەتی گشتین، واتە مرۆڤ لە گەشەی مەعریفی خۆیاندا بەهەمان زنجیرەی خۆیاندا دەڕۆن هەروەها جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، کە مەرج نیە هەموو کەسێک بەو قۆناغەدا تێپەڕ ببن هەندێکیان لە قۆناغی هەست جوڵەی دەمێنەوەو واتە تەنها پرۆسە مەعریفییە سەرەتاییەکان بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا ئەوانەی دیکە دەشێ بگەنە قۆناغی مادی ئەبستراکت (ئەلزەغول ، ٢٠١٥ ،٢١٠) ،

ئەو تاقیکردنەوانەی بیاجێ لەسەر گەشەی مەعریفی بایەخی زۆری هەیە و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت بەم شێوەیە -:

کە بریتیە لە چوار قۆناغ یەک بەدوا یەکدا دێت و بەدوای یەکدا دابەشی کردووە شتێک کە لێرەدا جێگەی گرنگیە ئەوەیە، کە هەموو قۆناغەکان بە دوای یەکدا دێن و پشتیان بە یەک بەستوە واتە بۆ ئەوەی منداڵێک پێ بنێتە قۆناغی دووەمەوە دەبێ بە قۆناغی دووەمەوە دەبێ بە قۆناغی یەکەمدا تێپەر بوو بێت واتە بە پرۆسەکانی قۆناغی یەکەمدا تێپەر (سەعید ،٢٠٠٤،ل ٣١) .

- قۆناغی هەستی جوڵەی لە تەمەنی (٠-٢) هەموو منداڵیک کە لە دایک دەبێت کۆمەڵێک زانیاری زگماکی هەیە، کە دەوتوانێت بە پێی ئەوانە کۆمەڵێک کار ئەنجام بدات (گاگۆلکێ –گریان –پێکەنین –گاز گرتن – شت قوتدان –شت فرێدان) بۆ نمونە منداڵێکی شەش مانگ ئەگەر شتێک لەبەردەمیدا بخەیتە ژێر فەرشێکەوە بۆی دەگەرێت ، تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کۆرپەی ساوا خۆی لە بابەتەکانی دیکە جیادەکاتەوە واتە خۆی دەناسێتەوە ، وردە وردە هۆشیاری لەهەمبەر پەیوەندی کردارەکانی بە دەرئەنجامەکەی لەسەر ژینگە بۆ دروست دەبێت وەک ئەوەی کە بگریت گوێی پێدەدرێت و بۆیە دەتوانێت بناسێتەوەو وابکات ڕوودواوە وروژێنەرەکان ماوەیەکی دریژتر بەردەوام بن ( دەنگ دەردەکات ، فیر دەبێت، کە بابەت و مەسەلەکان لە ماوەی خۆیان بەردەوام دەبن گەر نەشبینرێن .(گۆتەریج ،١٩٨٣، ٤٠)
- بەر لە کردەکان (پێش پرۆسە مەعریفییەکان ) (٢-٧) ساڵی ، خالێکی جیاواز لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە شیاکە لە پۆاکتیکیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو مێشک شتە فیزیکییەکان کە لەم قۆناغی یەکەمدا ڕوودەدەن لەم قۆناغەشدا دوبارە دەبنەوە بەڵام ئەمجارە لە ڕیگەی بیرکردنەوە (سەعید ،٢٠٠٤،ل٣٢).
- زمانی قسە کردن بەکاردێنێت و دەوتوانێت لە ڕێگەی خەیاڵ و وشەکانەوە بابەتەکان بنوێنێت و هێشتا خودەکەی تاکە سەنتەرە و جیهان بە دەورو خولیدا دەسورێتەوە و ناتوانێ و وێنای بیرو بۆچوونی خەلک بکات لەسەر بنەمای یەک ڕەهەندەوە بابەتەکان پۆلێن دەکات و لە کۆتای قۆناغەکەدا دەست بە بەکارهێنانی و ژماردن دەکات و چەمکەکانی پاراستن و ئەزبەر کردن و گەشەپێدەدات.
- کردەکانی(پرۆسە )ی مادی (٧-١٢) ساڵی لەم قۆناغەدا ستڕۆکتەرێکی بنەڕەتی لای منداڵ دروست دەبێت کە واتر دەرفەتی لۆجیکی تایبەت دێنێتە ئاراوە ، دەتوانێت بیربکاتەوە و چەمکەکانی پاراستن و ئەزبەکردن و ئەم شێوەیە فێر دەبیت ژمارە (٦ساڵ) قەبارە (٧ساڵ ) کێش (٩ساڵ ) بابەتەکان پۆلێندەکات و لە زنجیرەکاندا رێکدەخات و لەسەر بنەمای رەهەندەکانەوە زاراوەکانی پەیوەندی تێدەگات.
- کردەکانی دامالراو(ئەبستراکت ) ( ١٢ ) ساڵی بەروەو سەرەوە ساڵ ستڕۆکتەرەکانی بیرکردنەوە بە شێوەی تر بەرجەستە دەبن، کە منداڵ چی توانای ئەوەندە پابەندی بە شتە فیزیکیە کۆنکرێتیەکان نیە، بیر لە دامالراوەکان دەکاتەوە و بەدواداچون بۆ شیمانەکانی لۆژیکی دەکات و بە پێی شیمانەکان هۆ دەهێنێتەوە ڕەگەزەکانی گرفت لەیەکتری جیادەکاتەوە و بە ڕێک و پێکی چارەسەری ڕێتێچووی دەکات گرنگی بە مەسەلەکانی شیمانەیی و ئایندەی و گرفتەکانی ئایدۆلۆژی دەدات، کە توانی هەیە بیر لەو شتانەش بکاتەوە، کە لە واقعدا بونیان نیە .(عەدەس ، ٢٠١٣،ل ١٥٤).

## ٢-:٣ژینگەی پۆل:

ژینگەی پۆل ئەو ژینگەیە، کە پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکاندا تێیدا ڕوودەدات. ئەم ژینگەیە توخمەکانی پەیوەست بە وتار، پەروەردەی ڕاستەوخۆ، فێربوونی ئەلیکترۆنی، پەروەردەی سەرەتایی، خوێندنی بەردەوام، پەروەردەی پێشکەوتوو، پەروەردەی جیاواز، پەروەردەی یەکگرتوو، پەروەردەی ناوەند، پەروەردەی پێشکەوتوو، و سەنتەری لەخۆدەگرێت خوێندن .

ژینگەی پۆل توخمەکانی پەیوەست بە وانەوتنەوە، فێرکاری ڕووبەڕوو، فێربوونی ئەلیکترۆنی، پەروەردەی سەرەتایی، خوێندنی بەردەوام، خوێندنی پێشکەوتوو، پەروەردەی جیاواز، پەروەردەی جیاواز، پەروەردەی یەکگرتوو و پەروەردەی ناوەند لەخۆدەگرێت. ئەم ژینگەیە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە شوێنی پێویست بۆ فێرخوازان و مامۆستایان دابین بکات بۆ فێربوون و مەشقکردن بە شێوەیەکی گونجاو و ئاسوودەیی (خدیجة ، ٢٠١٤، ٣٦).

ئەم ژینگەیە پێداویستی و کەلو پەل و ئامێر و ئامرزای پێویست بۆ پەروەردە و ڕاهێنان، ئامێری تەکنیکی گونجاو بۆ فێربوونی ئەلیکترۆنی، ئاسانکاری پێویست بۆ خوێندنی ڕاستەوخۆ، ئاسانکاری پێویست بۆ خوێندنی سەرەتایی، ئاسانکاری پێویست بۆ خوێندنی بەردەوام، ئاسانکاری پێویست بۆ خوێندنی پێشکەوتوو، دابین کراوە. بۆ دڵنیابوون لە پاک و خاوێنی و ئاسوودە و لەبار بۆ پەروەردە و ڕاهێنان ڕێکخراوە. شوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی وانە و ڕاهێنانەکان، شوێنی پێویست بۆ فێرکاری ڕاستەوخۆ و پەروەردەی سەرەتایی، شوێنی پێویست بۆ خوێندنی بەردەوام و خوێندنی پێشکەوتوو و پەروەردەی جیاواز دەکرێت( دعاء سعید ،٢٠١٦ ، ٢٢).

مۆبیلیاتی پێویست بۆ فێرکردن و ڕاهێنان لەم ژینگەیەدا دابینکراوە، وەک کورسی، مێز، شریت، تەپڵ، دەستکاریکەر، سلاید، جل و بەرگ و یارمەتیدەری یارمەتیدەر

بۆ فێرکردن و ڕاهێنان. ئەم ژینگەیە کەرەستەی تەکنیکی پێویست بۆ فێربوونی ئەلیکترۆنی بۆ دابین دەکرێت، وەک کۆمپیوتەر، پرۆژەی پەیوەست بە ئینتەرنێت، ئەم ژینگەیە ئاسانکاری پێویستی بۆ پەروەردە کردن و فێربوون دەڕەخسێنێت (سناء، ٢٠١٥، ٨١).

**٢-٤:ڕۆڵی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لە گەشە پێدانی بیرکردنەوە:**

ژینگەی پاک ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە. ژینگەیەکی پاک و لەبار پێویستە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە. ژینگەی پۆل هۆکارێکی چارەنووسسازە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە لەنێو منداڵاندا. هانی منداڵان دەدات بۆ گەڕان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان. پێویستە مامۆستا و ژینگەی پاک ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە. پێویستە مامۆستا کەشێکی ڕێز و هاوکاری لە پۆلدا دروست بکات و هاندەری بەشداری چالاکانە بێت. ئەو سەرچاوە پەروەردەییانەی، کە پێشکەش دەکرێن دەبێ گونجاو بن و مادده چاپکراوەکان، مالتیمیدیا و ئامرازە کارلێککارەکان لەخۆ بگرن بەپێی قۆناغ، تەمەن و ئاستی منداڵان بۆ یارمەتیدانی منداڵان بۆ بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوە لە دۆخی ژیانی ڕاستەقینە و ستاندارد.

جگە لەوەش مامۆستا دەتوانێت ستراتیژییەتی مێشک کۆکردنەوە لە ژینگەی پاکدا جێبەجێ بکات بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵدا. کۆکردنەوەی مێشک شێوازێکە ،کە هانی منداڵان دەدات بۆ درووستکردن و هاوبەشکردنی بیرۆکە لە ژینگەیەکی ئازاد و کراوەدا .

یارمەتی منداڵان دەدات بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە، هاندەری بەشداری چالاکانە، و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان بەرەوپێش دەبات. مامۆستا دەتوانێت منداڵان دابەش بکات بۆ گروپی بچووک یان گەورە و سەرکردەیەک بۆ هەر گروپێک دیاری بکات. هەروەها مامۆستا دەتوانێت ئامرازە بینراوەکان وەک دیاگرام و هێڵکاری بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی منداڵان بدات بیرۆکە و بیرکردنەوەکانیان بە شێوەیەکی ڕوون و ستراکتۆرکراو ڕێکبخەن) .2021،89 ، .(Shan).

جگە لەوەش پێویستە ژینگەی پاک و خاوێنی بە شێوەیەک دابڕێژرێت، کە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵاندا بەرەوپێش ببات

مامۆستا پێویستە دەرفەت بۆ منداڵان بڕەخسێنێت کە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو داهێنەرانە پراکتیزە بکەن بە بەشداریکردنیان لەو چالاکیانەی کە پێویستیان بە شیکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی بەڵگە و بڕیاردانی دروست هەیە. هەروەها پێویستە مامۆستا فیدباک و ڕێنمایی بدات بۆ یارمەتیدانی منداڵان بۆ باشترکردنی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ( نصيرة ،٢٠١٧، ٤٥).

**٢-٥:توێژینەوەکانی پێشوو:**

**توێژینەوەی یەکەم :** توێژینەوەی (مسعودي، ٢٠٢٠ ): بە ناونیشانی (شێوازەکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە نێو منداڵانی باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی پەروەردەکارانەوە) ، لەلایەن توێژەر ( هاجر مسعودي ، بثينة بوخروبة) لە ساڵی (٢٠١٩ -٢٠٢٠) ، توێژینەوەیەکی وەسفیە.

کۆمەڵگە و نمونە

١-زانکۆی گوێلما-جەزائیر

ئامرازی ئاماری ( ناوەندە ژمێریی )

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

1-دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵانی باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی پەروەردەکارانەوە .

2-دەستنیشانکردنی ئەو ژینگە پەروەردەییەی کە بەشدارە لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان لەڕێگەی ئەو چالاکییانەی کە پەرە بە تایبەتمەندیەکانی ( ڕوانگەیی، ڕەسەنایەتی، نەرمی، هەستیاری بە کێشەکان) دەدەن .

3-دەستنیشانکردنی ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەی کە منداڵانی باخچەی منداڵان تێیدا بەشدارن و کە بەشدارن لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان.

**ئەنجام**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "ڕێگاکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵانی باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی پەروەردەکارانەوە"، هەوڵیدا وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە سەبارەت بە شێوازەکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵاندا، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئەنجامە بابەتییەکان، بە ئیستغلالکردنی ئەگەرە بەردەستەکان، جا پەیوەندی بە لایەنی تیۆریەوە هەبێت یان لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتویەتە ئەو ئەنجامەی، کە لە ڕوانگەی پەروەردەکارانەوە، ژینگەی پەروەردەیی باخچەی منداڵان یارمەتیدەرە لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە (ڕوونکردنەوە، ڕەسەنایەتی، نەرمی، هەستیاری بەرامبەر بە کێشەکان لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە، کە ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر لەمەدا بەم پێیە گرنگی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پێویستی گەشەکردنی بە تایبەت بۆ منداڵێکی پێش قوتابخانە بابەتێکە یان بنەمای بیرکردنەوە ،چونکە یەکێکە لە گرنگترین بیرکردنەوەکانی پلە باڵاکان ئەو کارامەییانەی، کە پێویستیان بە گرنگیدان هەیە بۆ ئەوەی لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا فێربکرێن فێرکردنی ئەم کارامەییانەی لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی، کە بەکاردەهێنرێن بە سوودتر دادەنرێت، چونکە ئەگەری قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و بەکارهێنانی چالاکیی و کارامەیی جۆراوجۆر زیاد دەکات کە توانای منداڵ زیاد دەکات بۆ تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییەکانی داهێنەر بیرکردنەوە پرۆسەی پەرەپێدانی داهێنەری منداڵ دەبێت لە ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە هاندەرەکانەوە سەرهەڵبدات، کە توانا دەروونییەکانی بە شێوەیەکی دروست پەرەپێبدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی چالاکییە زانستییەکان و شێوازەکانی قۆناغی باخچەی منداڵان بۆ فراوانکردنی تێڕوانینەکانی و پەرەپێدانی توانا دەروونییەکانی بە شێوەیەکی داهێنەرانە ژینگەی پەروەردەیی نوێنەرایەتی ناوکی ژینگەی باخچەی منداڵان دەکات بە گشتی، لەوانە... پەیوەندییە مرۆییەکان و شێوازە ڕەفتارییەکان کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی باخچەی منداڵان بەڕێوەدەبەن کاریگەری نەرێنی یان ئەرێنییان لەسەر پەرەپێدانی توانا داهێنەر و داهێنەرەکانی منداڵان هەیە. هەروەها کەشوهەوای داخراوی باخچە پەیوەندی نەرێنی نێوان تاکەکان زاڵە، یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە نێو منداڵاندا ئەوەیە کە بەکارهێنانی چالاکییەکانی فێربوونی پراکتیکی کە هانی منداڵان دەدەن بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە، تەنیا بە دابینکردنی ئەو بارودۆخە ماددی و دەروونییە بەدەست دێت، کە یارمەتی منداڵ دەدەن بەهێزتر و باشتر و بەردەوامتر فێربن ،پلاندانان و گفتوگۆکردنیان، و پێشنیارکردن بۆ ڕێگاکانی جێبەجێکردنیان دەبێت ئیدارەی باخچەی منداڵان و دایکوباوکەکان لە شێوازی تاکڕەوانە دوور بکەونەوە و ڕێگە بدەن منداڵان ئازادی خۆیان هەیە بۆ دەربڕین و پراکتیزەکردن و قبوڵکردنی ڕەخنە،. و ڕێزگرتن لە کەسانی تر.

پەیوەندی توێژینەوە پێشو بە توێژینەوە ئێستا توێژینەوەی پێشو (مسعودي،٢٠٢٠) گرنگی دەدات بە گرنگی منداڵی لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا و تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی منداڵی سەرەتایی توێژینەوەی ئێستا گرنگی دەدات بە بیرکردنەوە و ئاستەکانی و پاساوەکانی فێرکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

**توێژینەوەی دووەم :** توێژینەوەی (عەبدولحەق، ٢٠١٤): بە ناونیشانی (کاریگەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵانی باخچەی منداڵان) ، لەلایەن توێژەر ((زەحریا عەبدولحەق ، حەنا ئەلفلفیلی)) لە ساڵی (٢٠١٤ ) ، توێژینەوەیەکی وەسفیە.
کۆمەڵگە و نمونە
٢-زانکۆی ئەلئیسرا – عەممان
ئامرازی ئاماری ( ناوەندە ژمێریی )

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ئامانجی دیاریکردنی کاریگەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی بوو لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو منداڵانی باخچەی منداڵاندا بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەز.

**ئەنجام**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەدا دەتوانریت ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بخەینە ڕوو،

1-کاریگەرییەکی ڕوونی ژینگەی پایە پەروەردەییەکان هەیە لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەنێو ئەو منداڵانەی، کە لە باخچەی منداڵان ناویان تۆمارکردووە کە پایە پەروەردەییەکانیان هەیە .
2-جیاوازی نیە لە نێوان نێر و مێ لە پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا نییە.
3-باخچەی منداڵان بە گۆشەی پەروەردەییەوە ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە هاندەرە مەعریفیەکان دابین دەکەن کە پەرە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدەن .
4-بوونی جیاوازی نێوان نێر و مێ لە پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕەگەز کاریگەری لەسەر نییە بەهۆی ئەو هاندەرە مەعریفیانەی کە لە ژینگەی پۆلی پەروەردەییدا بەردەستن.

پەیوەندی توێژینەوەی پێشوو بە توێژینەوەی ئێستا توێژینەوەی پێشو (عەبدولحەق،٢٠١٤) گرنگی دەدات بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و توانای داهێنان توێژینەوەی ئێستا گرنگی دەدات ژینگەی پۆلی پەروەردەی لە بیرکردنەوە و ئاستەکانی و پاساوەکانی فێرکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی منداڵانی باخچە.

**توێژینەوەی سێیەم :** توێژینەوەی (إبراهيم ، ٢٠٢٠ ): بە ناونیشانی (بەکارهێنانی ستراتیژی وێستگە پەروەردەییە کارلێککارەکان بۆ پەرەپێدانی چەمک و ڕەفتارەکانی ژینگەیی و هەستی جوانکاری لە نێو منداڵانی باخچەی منداڵاندا) ، لەلایەن توێژەر (یارا إبراهيم محمد ) لە ساڵی (٢٠٢٠)، توێژینەوەیەکی وەسفیە.
کۆمەڵگە و نمونە
٣-زانکۆی ئاسیوت - پارێزگای ئاسیوت
ئامرازی ئاماری ( ناوەندە ژمێریی )

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

1- دیاریکردنی چەمکی ژینگەیی گونجاو بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان .
2-دیاریکردنی ڕەفتارە ژینگەییەکانی گونجاو بۆ منداڵی باخچەی منداڵان .
3-دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی وێستگەی پەروەردەیی کارلێک لە پەرەپێدانی چەند چەمکی ژینگەیی بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان .
4-دەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی وێستگە پەروەردەییە کارلێککارەکان لە پەرەپێدانی هەندێ ڕەفتاری ژینگەیی بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان .
5-دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی وێستگە پەروەردەییە کارلێکەکان لە پەرەپێدانی هەستی جوانکاری ژینگەیی منداڵی باخچەی منداڵان .
6-دیاریکردنی جۆری پەیوەندی نێوان نمرەکانی منداڵان لە تاقیکردنەوەی چەمکە ژینگەییەکان و نمرەکانیان لەسەر پێوەرەکانی هەستی جوانکاری ژینگەیی .
7-دیاریکردنی جۆری پەیوەندی نێوان نمرەکانی منداڵان لە کارتی چاودێری ڕەفتاری ژینگەیی و نمرەکانیان لە پێوەرەکانی هەستی جوانکاری ژینگەیی.

**ئەنجام**

توێژینەوەکە دەریخستووە کە بەکارهێنانی سەرچاوە پەروەردەییە کارلێککارەکان وەک یارییە ئەلیکترۆنیەکان و مالتیمیدیا کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەرەپێدانی چەمک و ڕەفتارەکانی ژینگەیی و هەستی جوانکاری لای منداڵان هەیە :

1-سەرچاوە پەروەردەییە کارلێککارەکان یارمەتی بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی منداڵان دەدەن لە چەمکە ژینگەییەکان وەک پاراستنی سروشت و سەرچاوە سروشتییەکان و گرنگی ڕیسایکلکردن و بەردەوامی.
2-هاوکات یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی ڕەفتاری ژینگەیی ئەرێنی لە منداڵاندا، وەک دڵنیابوون لە پاکوخاوێنی ژینگە و بەشداریکردن لە چالاکییە ژینگەییەکان.
3-جگە لە پەرەپێدانی هەستی جوانناسییان بە ئاشناکردنیان بە جوانی سروشتی و هونەری و هاندانیان بۆ دەربڕینی .

توێژینەوەکان دەریدەخەن کە بەکارهێنانی سەرچاوە پەروەردەییە کارلێککارەکان ستراتیژییەکی کاریگەرە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی و ڕەفتار و هەستی جوانکاری منداڵان بە شێوەیەکی خۆش و سەرنجڕاکێش.

پەیوەندی توێژینەوەی پێشوو بە توێژینەوەی ئێستا توێژینەوەی پێشوو (إبراهيم ، ٢٠٢٠ ) گرنگی دەدات بە وێستگەی پەروەردەی کارلێکەران و جۆرەکانی ویستگەی پەروەردەی توێژینەوەی ئێستا گرنگی دەدات بە گرنگی ژینگەی پۆلی پەروەردەی لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئاستەکانی و پاساوەکانی فێرکردنی بیرکردنەوە.

## بەشی سێیەم
## ڕێککاری توێژینەوەکە

### ٣-١میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە ڕێگەیەکە، کە توێژەر دەیگرێتەبەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و پاشان پۆلێنکردنیان شیکردنەوەیان ، سوود لێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا .بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە.

### ٣-٢کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە یەکێکە لە مەرجەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و بریتییە لە کۆی ئەو یەکە و ڕەگەزانەی دیاردەیەک، کە توێژەر توێژینەوە لەبارەیەوە ئەنجام دەدات ،

ئەو یەکە و ڕەگەزی توێژینەوەیە دەگونجێت ( تاک ، خێزان ، قوتابخانە، کارگە ، دامەزراوە ) بێت ( حسن ،١٩٨٢: ٢٢٤ ). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم باخچەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی، کە پێکدێت لە (٧٤) باخچە و ژمارەی مامۆستایان بریتی بوون لە (١١٢٧) مامۆستای باخچە ، ئەوانیش (٨٦) نێر و (١٠٤١) مێ بوون، توێژەر ئاماری مامۆستایانی باخچە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی وەرگرتووە.

### ٣-٣سامپڵی بنەڕەتی توێژینەوەکە:

سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە پێکهاتەیەکی توێژینەوەوە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کۆمەڵگەی توێژینەوە بنوێنێت دەبێت لە هەڵبژاردنیدا پەیڕەوی چەند یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو بکرێت و بتوانرێت ئەنجامەکانی بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەدا (العزاوی، ٢٠٠٨ : ١٦٣ – ١٦٢). سامپڵی توێژینەوە پێکهاتووە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣ ) بریتییە لە (٢٢٠) مامۆستای نێر و مێ ، کە دەکاتە(٢٢) مامۆستای نێر و (١٩٨)مامۆستای مێ.

### ٣-٤ئامرازەکانی توێژینەوە

ئامرازی توێژینەوەکەئەم بڕگەیە یەکێکە لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت.

فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە

لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ، توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی (ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە )ەوە هەیە، دواتر سوودی لە پێوانەی(عبدالحق:٢٠١٣)، (ابراهیم:٢٠٢٠) و(مسعودی:٢٠٢٠) وەرگرت، لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (٢٨) بڕگە داڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا، کەوەڵامی بڕگەکان بریتی بوو لە(زۆرجار ، هەندێکجار ، کەمجار) دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجام درا.

### ٣-٤-١ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی

بۆدیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەکە خرایە بەردەست (٧)شارەزاو پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە ودەروونزانی پەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن )، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن وهەرگۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوە، یاخود لابردنیان(٩٠٪)بوو، بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (٢٨)بڕگە و ڕاستی گشتی فۆڕمی ڕاوەرگرتن ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەبیرکردنەوەی داهێنەرانە (٠,٩٦)، ، لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە کراوە، کە کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی سۆران ٧٥% یان زیاتر بێت ئەوا لەلایەنی ڕاستی ڕواڵەتییەوە پەسەند دەکرێت. (الزوبیعی ومحمد، ١٩٨١: ٤٤) بوو، بەم شێوەیە فۆرمەکە لە کۆتاییدا لە (٢٥) بڕگەدا داڕێژرایەوە

### ٣-٤-٢:جێگیریی

### ١ -ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوە

بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەرەکە، بۆ پێوەری (ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە )، توێژەر ڕێگەی دوبارەتاقیکردنەوەی بەکارهێنا، کە بریتیبوو لە (٤٠) مامۆستا لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (٢١) ڕۆژدا دوو جار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان داوەوە لە ڕێککەوتی (٢٦/ ٣/ ٢٠٢٤) بۆ ڕێککەوتی (١٠/ ٤/ ٢٠٢٤). لە ڕێگەی بەکارهێنانی (پێرسۆن) ڕادەی پەیوەستبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیریی پێوەرەکە بریتییە لە (٠,٨٩٠)، ئەمەیش واتای وایە جێگیریی لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، بۆیە ئامرازەکە بە زانستیی دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە، وەکو لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(١)**

**هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە نێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم**

| پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی جاری یەکەم | 94.5500 | 10.47329 | 0.890 | 0>001 |
| تاقیکردنەوەی جاری دووەم | 91.0500 | 10.92621 | | |

### ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ

توێژەر بۆ پێوانەی جێگیریی بڕگەکان پشتی بە ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ بەستووە، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکیی، بە جۆرێک ڕێژەی جێگیریی پێوانەکە بۆ پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بریتیبوو لە(٠,٩٥ )، کە ئەمەیش جێگیرییەکی پەسەندە، بەمەیش دەردەکەوێت کە هاوکۆلکەکە (جێگیریی نایاب)ە، واتە بە شێوەیەکی گشتیی فۆڕمی ڕاپرسییەکە بە دروستیی وەڵامدراوەتەوە.

### ٣-٥ جێبەجێکردنی کۆتایی توێژینەوەکە :

دوای دڵنیابوون لە ڕاستی و درووستی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەر پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد، بەجۆرێک نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٢٢٠) مامۆستای باخچە لە بەرواری (٢٠٢٤/٤/١٥) تاوەکو بەرواری (٢٠٢٤/٤/٢٣)، پاش خستنەڕووی چۆنیەتی ئامادەکردنی پێوەرەکە و چۆنیەتی بەکارهێنان و دابینکردنی شێوازی وەڵامدانەوەی پێویست، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و داتایی پێویست لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

### ٣-٦:ئامرازە ئامارییەکان:

سوود لە پڕۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(26) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە

تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست
(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^{-})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\right] * \left[\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\right]}}$$

1- ئەلفا-کرۆنباخ (Cronbachs Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە.

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k \; =1 \, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

## بەشی چوارەم
## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچە لەروانگەی مامۆستایانی باخچە لە سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (t)هەژمارەکراو (-51.148) بچووکترە لە نرخی (t) خشتەیی کە (1.65) بوو بە نمرەی ئازادی (219) و ناوەندی گریمانەیی (50) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەک لە خشتەی (٢) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە ئاستێکی نزمدایە.

**خشتەی ژمارە (٢)**
**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی منداڵانی باخچە لەروانگەی مامۆستایانی باخچە**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 220 | 71.8765 | 6.11614 | 75 | 219 | -51.148 | 1.65 | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دا دەردەکەوێت، کە بەهای(t) هەژمارکراو (-51.148) بچووکترە لە بەهای (1.65) خشتەیی ، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای منداڵانی باخچە لەروانگەی مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزمدایە ، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی سامپڵی توێژینەوە خاوەنداریێتی ئاراستەیەکی نێگەتیڤ دەکەن بەرامبەر چەمکی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ، واتە ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کاریگەری نییە لەروانگەی مامۆستایانی باخچە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی پێداویستی و ئامرازی وانەوتنەوەی نوێ وپێشکەوتوو کە گونجاو بێت بۆ گەشەپێدانی بیری داهێنەرانە و زۆری ژمارەی منداڵ لە پۆلەکان و کەمی مامۆستای پسپۆڕی کە دەرچووی بەشی باخچەی منداڵان بێت، ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی توێژینەوەی (مسعودی،٢٠٢٠).

### ئامانجی دووەم: زانینی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەروانگەی مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر -مێ)

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر -مێ) لای منداڵانی باخچە لەروانگەی مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەرهێنا، و پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) ، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو (0.811) بەنمرەی ئازاد (218) ، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لەخشتەی ژمارە(٣) خراوەتەروو.

**خشتەی(٣)**
**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر -مێ)**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 21 | 79.9048 | 5.88986 | 218 | 0.811 | 1.96 | بەڵگەدار نیە |
| مێ | 199 | 78.8040 | 6.14445 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٣) دا دەردەکەوێت ،لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو

بچوکترە لەبەهای خشتەیی ،بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر -مێ) لای مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی یەک بابەت و پرۆگرامی خوێندن لە باخچەکاندا ، هەروەها بوونی یەک جۆر ژینگە و پۆل و منداڵ لە باخچەکاندا واتە مامۆستای ڕەگەزی (نێر -مێ) باخچەی منداڵان هەمان بابەت و بەرنامە جێبەجێ دەکەن کە دیاریکراوەو لە هەمان ژینگەی پۆل و ئامرازی وانەوتنەوە بە هەمان منداڵان، ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەی (المرتضی،2011)

## ئامانجی سێیەم: زانینی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی – ناحکومی)

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی گۆڕاوی باخچەی (حکومی –ناحکومی)لەروانگەی مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەرهێنا، و پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) ، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو (2.83) بەنمرەی ئازاد (218) ، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لەخشتەی ژمارە(٤) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی (حکومی –ناحکوم**

| جۆری باخچە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| حکومی | 148 | 79.0270 | 6.17318 | 218 | 2.83 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ناحکومی | 72 | 80.4861 | 8.48693 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت ،لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی ،بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی گۆڕاوی باخچەی (حکومی –ناحکومی) لەروانگەی مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەپێی گۆڕاوی باخچە، کەلەبەرژەوەندی باخچەی ناحکومی دایە ، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە باخچەی ناحکومی کەرەستە و پێداویستی وئامرازەکانی وانەوتنەوە زیاتر دابین کراوەو ژمارەی منداڵان لە پۆلەکاندا کەمترەو کاتی زیاتر لە باخچەکاندا دەمێنەوەو هەروەها بەردەوام خۆلی فێرکاری زیاتر بۆ مامۆستاکان دەکەنەوە .

## ئامانجی چوارەم : زانینی ئاستی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بروانامە

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوەی ئاستی بروانامە لەسەر پێوەری ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادي) (one way Anova) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (spss) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (٥)خراوەتەڕوو.

**خشتەی( ٥)**

**ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی ئاستی بروانامە**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بروانامە | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری (Sig) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
| لە نێوان گروپەکان | 452.319 | 2 | 226.159 | 4.734 | 0.010 | بەڵگەدارە |
| لە ناو گروپەکان | 10366.677 | 217 | 47.773 | | | |
| گشتی | 10818.995 | 219 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت ، بەهای )(f) 4.734 (و بەهای بەڵگەداری (0.010 (بەنمرەی ئازاد (217) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.010) ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بروانامە مامۆستایانی باخچە وەک لەم خشتەیی خوارەوە روونکراوەتەوە

**خشتەی (٦)**

**تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوانیان**

| (I) brwnama | (J) brwnama | Mean Difference (I-J) | Std. Error | Sig. | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| دبلۆم | بەکالۆریۆس | 1.40789 | 1.50662 | .351 | بەلگەدارنییە |
| | ماستەر | -3.07000 | 1.97521 | .122 | |
| بەکالۆریۆس | دبلۆم | -1.40789 | 1.50662 | .351 | بەلگەدارنییە |
| | ماستەر | -4.47789 | 1.47996 | .003 | بەلگەدارە |
| ماستەر | دبلۆم | 3.07000 | 1.97521 | .122 | بەلگەدارنییە |
| | بەکالۆریۆس | 4.47789 | 1.47996 | .003 | بەلگەدارە |

## دەرئەنجامی توێژینەوە

1-ئاستی ژینگەی پۆلی پەروەردەیی لەگەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای مامۆستایانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزم دایە .

2-هیچ جیاوازی ئاماری نییە لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆراوی ڕەگەز(نێر و مێ).

3-جیاوازی ئاماری هەیە لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆراوی باخچەی (حکومی –ناحکومی) کەلەبەرژەوەندی باخچەی ناحکومی دایە.

4-هیچ جیاوازی ئاماری نییە لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆراوی بروانامە(دبلۆم – بەکالۆریۆس - ماستەر).

## ڕاسپاردە

1-دابین کردنی ژینگەیەکی دەوڵەمەند و سەلامەت بۆ منداڵان لە قۆناغی منداڵی لە هەمان کاتدا دابینکردنی ژینگەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ منداڵان .

2-پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ هەڵبژاردنی چاکییەکان کە پەرە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە بدەن و بیخەنە ناو پرۆگرامەکانی باخچەی منداڵانەوە بە شێوەیەکی گونجاو ، کە جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان منداڵاندا لەبەرچا بگرێت .

3-وەزارتی پەروەردە بەدواداچون و سەرپەرشتی کردنی دامو دەزگاکانی باخچەی منداڵان بکات بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە مەرجە پێویستیەکان لە بونیادنانی بینای باخچەکاندا هەبێت بە پێی ستاندارده جیهانییەکان و کە کەرەستە و ئامێر و ئامرازەکان و سەوزای گونجاوی لە خۆ گرتبێت کە یارمتیدەر بێت بۆ پەرەپێدانی بیرکدرنەوی داهێنەرانە .

## پێشنیار

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

2-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەرگەشەپێدانی بیرکردنەوەی لۆجیکی لای مناڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە .

3-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی چیرۆکی منداڵان وەک سەرچاوەیەکی دەربڕینی هونەری لە پەرپێدانی بیکردنەوەی داهینەرانەی منداڵانی باخچە .

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی

الزغول ، عماد عبدالرحيم ،(٢٠١٥)وبنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆجیای پەروەدەی، ئارام ئەمین شوانی، چ١، ڕۆژهەڵات،هەولێر.

سەعید ،فایەق ،(٢٠١٥)، سترۆکتۆرەکانی بیرکردنەوەو گەشەسەندنی مەعریفی لای منداڵ ،چ١،تاران ،ئێران .

سەعید،فایەق (٢٠٠٤)، تێکشکاندنی بەهاکانی خوێندکار، چ١، رەنج، ب.چ.

گۆتەریچ .و.ب، (١٩٨٣)، دەرونزانی، و:هیوا عمر، بەغداد ،عێراق .

عەدەس عبدالرحمن، ئەلقتامی، یوسف،(٢٠١٣)سایکۆلۆجیای پەروەدەی تیۆر و پیادە کردنی، چ١، نارین .

بۆکانی، د.سابیر. (٢٠١٦). میتۆدی توێژینەووی زانستی،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

شەمەیی ، د.سۆلاڤ فایەق ،(٢٠٠٩) شێوازە گشتیەکانی وانە وتنەوە ، چاپخانەی پەیوەند، سلیمانی.

فائق، د.سولاف وئەوانی تر. (٢٠١٣). ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان ،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .

کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٦،سایکۆلۆژیای گشتی ،هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین .

نەوزاد کەلهوڕ،(٢٠١٠)،گەشەکردنی منداڵ ، دهۆک چاپخانەی خانی .

### سەرچاوەی عەرەبی

إبراهيم الحارثي (١٩٩٩) تعليم التفكير، كتاب الرواد ٢، الرياض: مكتبة الشقري.

إبراهيم كرم (١٩٩٣): قدرات التفكير: مفاهيمها ومستوياتها وأنواعها وأساليب تطورها، مجلة التربية والتنمية، السنة الثانية، أيار.

أبوفرحه، خليل. (٢٠٠٠). الموسوعة النفسية، ط1، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

أحمد حمد الصانع (٢٠١٦) : دراسة مقارنة لواقع البيئة المادية التعليمية لمباني رياض الأطفال القطاع الحكومي بنظيراتها بالقطاع الخاص بدولة الكويت، مجلة التربية ،كلية التربية، جامعة الأزهر، ٣ عدد (١٦٩)

أريج بنت ناصر بن عبد الله (٢٠١٢) دراسة واقع بيئة الروضة المادية والبشرية ومدى

تحقيقها لمهارات الأطفال الحركية الأساسية والدقيقة في الروضات الحكومية بمدينة الرياض، رسالة ماجستير ، غير منشورة ، كلية التربية، جامعة الملك سعود.

آمنة قاسم اسماعيل (٢٠١٨) : السعادة النفسية في علاقتها بالمرونة المعرفية والثقة بالنفس لدى عينة من طلاب الدراسات العليا بجامعة سوهاج، المجلة التربوية كلية التربية جامعة سوهاج (٥٣).

إيمان عباس الخفاف؛ جلوب فرج عبد الرازق (٢٠١٩) : السعادة لدى معلمات رياض الأطفال، مجلة البحوث العلمية، ٢(١).

باربرا بريسون (١٩٩٧) مهارات التفكير وإعادة النظر في المعاني والنماذج، قراءات في مهارات التفكير وتعليم التفكير الناقد والتفكير الإبداعي، ترجمة فيصل يونس، القاهرة: دار النهضة العربية.

بدر،سهام محمد (٢٠١٠):مدخل الى رياض الطفال ،عمان، دار المسيرة للنشرء التوزيع .

الجراح،عبد الناصر ذياب (٢٠٠٤) ، (التفكير واتخاذ القرار) في الكتاب (علم النفس العام ) ،تحرير محمد عودة الريماوي وتأليف مجموعة من الأستاذة، دار المسيرة،عمان ، الأردن .

خديجة أبو صاع خليفة (٢٠١٤): استراتيجية تطوير كفاءة المدرسين في رياض الأطفال، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة مولانا مالك إبراهيم الإسلامية الحكومية.

دعاء سعيد أحمد ( ٢٠١٦): خصائص البيئة الفيزيقية للروضة في ضوء متطلبات النمو لدى الأطفال "تصور مقترح"، مجلة الطفولة العربية، الجمعية الكويتية لتقدم الطفولة العربية عدد (٦٩) .
راجح، احمد عزت (١٩٨٥)، أصول علم النفس ، دار المعارف .
روبرت مارزانو وآخرون (١٩٩٦) أبعاد الفكر، ترجمة يعقوب نشوان، محمد خطاب، عمان، دار الفرقان.
روبرت مارزانو وآخرون (١٩٩٧) أبعاد التفكير: إطار للمناهج والتعليم، قراءات في مهارات التفكير وتعليم التفكير الناقد والإبداعي، ترجمة فيصل يونس، القاهرة: دار النهضة العربية.
سعيد، سعاد جبر (٢٠٠٨):علم النفس التربوي ، عالم الكتب الحديث للنشر واتوزيع ، ط١ ، عمان ، الأردن
1سناء أيوب بركات (٢٠١٥): دور المعلمة في توفير البيئة الصفية الآمنة اجتماعيا لطفل الروضة في ضوء كفايتها المهنية، رسالة ماجستير غير منشور كلية التربية جامعة دمشق.
1فتحي جروان (١٩٩٩) تدريس التفكير مفاهيم وتطبيقات، عمان: دار الكتاب الجامعي.
1فتحي جروان، تعليم التفكير، العين، دار الكتاب الجامعي،١٩٩٩.
فوية عودة يوسف الكبيسي (٢٠١١) دراسة واقع البيئة التعليمية للألعاب وأدواتها في رياض الأطفال في مدينة بغداد مقارنة بمدينة عمان، دراسات العلوم التربوية، ملحق .
ماجدة هاشم بخيت (٢٠١١) : السعادة وعلاقتها بالتفاؤل وقلق المستقبل لدى معلمات
رياض الأطفال، مجلة الطفولة: مجلة علمية إقليمية متخصصة في الطفولة المبكرة كلية رياض الأطفال، جامعة الإسكندرية.
نافز أيوب علي (٢٠١٧) : أهمية مؤسسات رياض الأطفال في تحقيق التربية المتكاملة الأطفال ما قبل المدرسة، مجلة العلوم التربوية والنفسية، عدد (٤).
نايفة قطامي (٢٠٠١) تعليم التفكير، عمان: دار الفكر.
نصيرة طالح مخطاري (٢٠١٧) : التربية والتعليم في رياض الأطفال: دراسة ميدانية عن واقع الروضات لولاية تيزي وزو كعينة مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، عدد ٣١ .

### سەرچاوەی ئینگلیزی

Shan Xiaoxian (2021): Spatial Color Analysis of Kindergarten Interior Design Based on Children's Psychological Activities in Digital Environment ،E3S Web of Conferences.

**پاشکۆ(1)**
**فۆرمی شارەزایان**

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆری | شوێنی کارکردن | پلەی زانستی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.نیان نامق صابر | فەلسەفەی پەروەردە | باخچەی منداڵان – زانکۆی سلێمانی | پرۆفیسۆر |
| ٢ | د.نزار شکور شاکر | ئەدەبی منداڵان | باخچەی منداڵان – زانکۆی سلێمانی | پرۆفیسۆر |
| ٣ | د.جواد نعمت عوزێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پەروەردەی هونەر- زانکۆی سلێمانی | پرۆفیسۆر |
| ٤ | د.نیزام عبدالجبار حسێن | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پەروەردەی هونەر- زانکۆی سلێمانی | پرۆفیسۆر |
| ٥ | د.عبدالصمد احمد محمد | دەروونناسی پەروەردەیی | باخچەی منداڵان – زانکۆی سلێمانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| ٦ | د.احمد علی حمە بابان | پەروەردەی خێزان | زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| ٧ | د.ڕزگار حمەلاو خالد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانستە کۆمەڵایەتیەکان – زانکۆی سلێمانی | مامۆستا |